# نەجوا کوبەیسی بەشداری لە چوار دراما دا دەکات



وێرای ئەوەی کە تەمەنیشی بچووکە، بەڵام خانمە هونەرمەندی قەتەری **نەجوا کوبەیسی** توانیویەتی سەرنجی بینەران و دەرهێنەران بەلای خۆیەوە رابکێشێت. لەماوەی رابردوودا لە چوار دراما دا بەشداری پێکراوە کە مانگی رەمەزان لە کەناڵەکانی ئاسمانی پەخش دەکرێن.

نەجوا ئێستاش دەستی بەتاڵ نیە، خەریکی وێنەگرتنی زنجیرەی **داوی رەنگاورەنگە** کە دەرهێنەر عەبدولعەزیز خەشاش بەرهەمی دەهێنێ. نەجوا لەو زنجیرەیەدا رۆڵی کچێکی لاسارو شەیتان بەناوی ئەسیل دەگێڕێ، کە خێزانەکەیان چوار کچیان هەیە، بەڵام ئەسیل لە هەموویان بەتوناترو لاسارترە.

جیی ئاماژەیە لەو زنجیرەیەدا چەندین هونەرمەندی ناسراوی وەک ئەسمەهان تۆفیق، وەهبەت ئەلدەری و زەهرە عەرەفات شان بەشانی نەجوا کوبەیسی رۆڵ دەگێڕن، بەشدارییپێکردنی نەجوا لەگەڵ ئەو هونەرمەندا ناودارانە واتای ئەوەیە کە ئەویش لە لوتکە نزیک بۆتەوە. پێشبینی داهاتووێکی پرشنگداری لێدەکرێ.

# هانی لە ئەلبوومی دایکدا

عیسا مێرگەسۆری خاوەنی کۆمپانیای های لێڤل بۆ راگەیاندن و بەرهەم هێنانی هونەری، ئاشکرای کردووە کە کۆمپانیاکەیان ئەلبوومی نوێی بۆ هانی بەناوی "دایک" بەرهەم هێناوە.

مێرگەسۆری ناوی دایکی بۆ واتای کوردستان گێڕاوەتەوەو گوتویەتی:'ئەلبوومە کە دایکە، مانای کوردستان دەگەیێنێ، سێ لە گورانییەکانی ئەلبوومەکە بە زاراوەی کرمانجی، یەکەکیان بە هەورامی و ئەوانی دیکە بە سۆرانین'

مێرگەسۆری گوتویەتی: 'ئەلبوومەکە لە 11 تراک پێکهاتووە بە ناوەکانی (دڵ تەنگی، یار، ژنم ژینم، وەیادی ساڵان، کوردستان، چاوەروانی، پێکەوە، گوڵ بارین،خۆشەویستیم، پیلی ستانک و گەرامەوە).

مێرگەسۆری ئاشکرای کردوە کە تەواوی ئاوازەکان لەلایەن خودی گۆرانیبێژەکەوە داندراون، بەڵام تێکستەکان لە شیعری شاعیران 'عەبدوڵڵا پەشێو، سەعیدی، ئەدیب چەلکی، لوقمان رەحیمی، ئەحمەد موحەمەدی، فریدون ئەرشەدی و هانی خۆیەوە' نووسراون.

مێرگەسۆری ئاماژەی بەوە کردوە کە مۆزیکی گۆرانیەکانیش لەلایەن خودی هانی و ئاکۆ عەزیز جێبەجێکراون، کاری تۆمارکردنیشیان لە ستۆدیۆکانی ئەڵمانیاو تورکیاوە بۆ ئەنجام دراوە.

# ئایەت ئەحمەد نەژاد باس لە ژیانی خۆی دەکات

من ئایەت ئەحمەد نژاد ، لە شاری روانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دونیا هاتووم ئێستا لە وڵاتی دانیمارک ژیان بە سەردەبەم. لە منداڵیەوە خولیای هونەر و گۆرانی بووم و لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند و هونەری چاوم بە دونیا هەڵهێناوە. لە ساڵی 1998 دەستم بەگۆرانی گووتن کردوە .

کاتێک دەستم بە گۆرانی گووتن کرد سەردەمی سیدی نەبوو، بە شریت یان نەوار گۆرانیەکانم تۆمار دەکرد. 21 نەوارم هەیە و کاتێک ئستودیو هاتە بازارەکانی کرماشان من توانیم 4 ئەڵبووم بە ئەنجام بگەینم کە ئاخرینیان ئەلبوومی پەریشان بوو کە لە 2009 کەوتە بەردەستی گوێگران. بە زاراوەکانی سۆرانی، هەورامی، لوڕی وکەڵهوڕی گۆرانی دەڵیم.

من کاتێک بە هەوڵ وماندوبونێکی زۆرەوە گۆرانی لە ستۆدیۆ دەڵیم و ڤیدیۆ کلیپی بۆ دەکەم. دەبینیم لە ڕاگەیاندنەکاندا بە باشی ناکەوێتە بەرچاوی نەتەوەکەم ئەو کات بیر دەکەمەوە کە لە هونەر دابڕاوەم .

من بە هۆی ئەوەی کە سێ ساڵە هاتوومە دەرەوەی کوردستان، نەمتوانیوە خزمەت بە هەموو کوردانی دەرەوەی وڵات بکەم، بەڵام لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی بەشداری چەژنە کوردیەکانم کردووە. هیوادارم لە هەر جێگەیەک کورد هەیە بتوانم سەردان بکەم بۆ هەرچی زۆرتر خزمەت کردن چوون من خۆم بە ملکی هەموو گەلی کورد دەزانم.

من بەنیازم لە داهاتوویێکی نزیکدا بەرهەمی نوێ تۆمار بکەم و بگەڕێمەوە باوەشی گەلەکەم.

**هاوسان**

# گۆرانیبێژێکی بەریتانی داڵدەی کوردێک دەدات



ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی چیرۆکی کوردێکی رۆژهەڵاتی نووسیوەتەوە کە ساڵی 2007 رووی لە بەریتانیا کردوە، بەڵام داخوازیەکەی رەت کراوەتەوە، بۆیە بەناچاریەوە لەناو پارک و دارستانەکاندا خەوتووە، سەرەنجام گۆرانیبێژێکی بەریتانی سۆزی دەبزوێ و لە ماڵەکەی خۆیدا شوێنی دەکاتەوە.

ڕۆژنامەکە ئاماژە بە چیرۆکی ئەو کوردە دەدات کە ناوی رەزایەو تەمەنی 23 ساڵانەو ئێستا بەبێ مافی مانەوەو بەبێ کارکردن لە ماڵێکی بەریتانیادا جێی کراوەتەوەو وەک میوان راگیراوە.

بەگوێرەی هەواڵی رۆژنامەکە گۆرانیبێژ هانا ئاتکینسن کە تەمەنی 28 ساڵەو لەگەڵ مێردەکەیدا دەژی، شوێنی حەوانەوەیان بە ڕەزای بێ پەناداوە.

هانا ئاتکینسن لەماڵەکەی خۆی لەگەڵ مێردەکەیدا ژوورێکیان بەڕەزا داوە. ئەوەش پاش ئەوەی کە ڕەزا مۆڵەتی مانەوەی لەبەریتانیا پێنادرێت، دووبارە دەیەوێت داوای وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە لەحکومەتی بەریتانی بکات، هاناش هاوکاریدەکات بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەباشیو یارمەتیشی دەدات لەکەیسەکەیدا، بۆ دووبارە داواکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی: (ڕەزا لەتەمەنی 10 ساڵییەوە شوان بووە لەگوندەکەیان، ڕۆژێک کە لەچیا بووە، پێشمەرگەکان داوای لێدەکەن هەندێک ڕۆژنامە بۆ گوندەکەیان ببات ، ئەم کارە چەند جارێک ئەنجامدەدات، بەڵام کەسێک لەپۆلیس شکات لەڕەزا دەکات، بەو هۆیەوە پۆلیسی ئێرانی، فەرمانی گرتنی ڕەزا دەردەکات، پۆلیس دەچن بۆ ماڵی ڕەزا، ڕەزا دەڵێت "لەماڵەوە نەبووم، پۆلیس باوکمو براو خوشکێکمیان گرتووە، تائێستاش ئەوان هیچ هەواڵێکیان نییە).

ڕۆژنامەی گاردیان لە درێژەی چیرۆکی رەزادا دەنووسێ: )ڕەزا پێویستی بە500 پاوەندە بۆ داواکردنی پێداچوونەوە بەکەیسەکەیدا، ڕەزا بەپێی یاسا بۆی هەیە لەبەریتانیا بمینێتەوە، تا ئەو کاتەی بەزۆر دەینێرنەوە. هانا دەڵێت "ڕەزا دەترسێت بەزۆر بینێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی).

هانا پشتیوانی زۆر لە رەزا دەکات و هاوسۆزیەتی، خوازیارە کە دەوڵەت مافی مانەوەی پێبدەن، بەڵام پێیوایە کەیسەکەی رەزا زۆر قورسەو پێویستی بە بەڵگەو دیکۆمێنت هەیە، رەنگە رەزا نەتوانی پەیدایان بکاتی.

# دەرهێنەرێکی کورد خەڵاتێکی نێونەتەوەیی وەردەگرێ

کورتە فیلمی "سمینار" بەرهەمی دەرهێنەری کورد ئاوات عوسمان، خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سریلانکا بەدەست هێنا.

ئاوات عوسمان بە ئاژانسی پەیامنێری رایگەیاندوە کە "فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سریلانکا، لە 27-30 ئایار/ مەی لە کۆلۆمبۆی پایتەختی وڵاتی سریلانکا بەرێوەچوو، بەڵام لە 22 حزیران خەڵاتەکان راگەیندران".

ئەو گوتویەتی:(بە فیلمی "سیمینار" کە کورتە فیلمێکی 6 خولەکییە لە ساڵی 2009 دا بەرهەمهاتووە، توانیم لەم فیستیڤاڵەدا خەڵاتی باشترین کورتە فیلم بەدەست بێنم). هەرچەندە دەرهێنەر پێشتر بەشداری لە چەند فیستیڤاڵێکی ناوخۆی کوردستان و دەرەوە کردوە و خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە دوو خەڵات لە فیستیڤاڵی فیلمی سلێمانی".

ئاوات گوتویەتی: ( خەڵاتەکانی فیستیڤاڵ لە لایەن ماهیندا راجاباکسی سەرۆکی سریلانکا لە نووسینگەی خۆی، بەسەر براوەکانی فیستیڤاڵ دابەشکرا). هەروەها گوتویەتی: (بۆ ئەم مەبەستەو دوای بانگهێشتکردنی بەرێوەبەرانی فیستیڤاڵ بۆ دەرهێنەرە براوەکان، بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە بەرەو سریلانکا چووم.

لەم فیستیڤاڵەدا 14 وڵات بە 335 فیلمی لە بەشەکانی، فیلمی درێژ، کورتە فیلم، دۆکیۆمێنتی، ئەنیمێیشن و فیلمی مۆبایل، لە بەشەکانی دەرەکی و ناوخۆیی نمایشکران.

ئاوات عوسمان لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، ماوەی 9 ساڵە لە وڵاتی بەریتانیا ژیان بەسەر دەبا، بەکالۆریۆسی لە بواری نووسین و دەرهێنانی فیلمدا هەیە و ئێستا سەرقاڵی خوێندنی ماستەرە لە بواری فیلمسازیدا لەو وڵاتە.

# ژوانگە

## رێزلێنان

زۆربەی هونەرمەندان و نووسەران گلەیی لە رۆژگار دەکەن و پێیانوایە کە لایەنی پەیوەنددار وەکو پێویست ئاوڕی لەوان نەداوەتەوە.

هەندێک لە هونەرمەندان رەوشی هونەری کوردی بە پاشاگەردانی وەسف دەکەن وپێیانوایە کە وەزارەتی رۆشنبیری و لایەنە پەیوەندارەکان لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی راست و دروستیان بۆ بەرهەمەکان نیەو تەنیا لەسەر میزاج رێز لە کەسانێک دەگرن و هەندێکی دیکە فەرامۆش دەکەن! بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە کە دەرفەتێکی باش رەخساوەو هونەرمەندان خۆیان ناتوانن سودی لێوەربگرن.

هونەرمەندانی کورد بە بەراورد بە هونەرمەندانی وڵاتانی دیکە زۆر بێکەس و بێپەناگەن، زۆربەیان رەوشی داراییان باش نیە، کەچی وێڕای ئەوانەشەوە هەندێک گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بوارەکانی دیکەی هونەر وەک دەڵێن بۆیان هەڵڕژاوە، رێزیان لێدەگیرێ و خەڵات دەکرێن. بەبێ بۆنە زەوی و خانوویان بۆ دابین دەکرێ و بەرهەمەکانیان بە گران لێدەکڕنەوە، یاخود بودجەی خەیاڵیان دەخەنە بەردەست بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانی، فیلم و کتێب.

هونەرمەندانی ناوەخۆی کوردستان بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن کە چاوی بەرپرسان ولایەنی پەیوەنددار تەنیا ئەو هونەرمەندانە دەبینێ کە لە هەندەراندا دەژین. لەسایەی ئەوەشەوە هەندێک لەوانەی لە هەندەراندا دەژین سەرمایەی باشیان کۆکردۆتەوە.

هونەرمەندانی ناوەخۆی کوردستان پێیانوایە کە ئاستی بەرهەمی هونەرمەندانی ناوەخۆ زۆر بەرزو شیاوترە لە چاو ئاستی بەرهەمی هەندێک هونەرمەند کە لە هەندەران دەژین و توانستی باشیان لەبەردەست دایەو حکومەتی هەرێم و دەستەڵاتدارانیش درێغیان بۆ ناکەن. بۆ کێبەرکێکردن لەگەڵ ئەوان، هونەرمەندانی ناوەخۆی کوردستان ناچارن کە لە کلیپکردن و بەرهەمهێنان دا لاسایی ئەوان بکەنەوە. بەوهۆیەشەوە ئاستی هونەری کوردی لە کورتی داوە.

لەو بەستێنەدا بەپێویستی دەزانم کە وەزارەتی رۆشنبیری بەیەکچاو لە هونەرمەندان بڕوانێ، ئاستی بەرهەمەکانیان بکات بە پێوەر بۆ رێزلێنان و خەڵات کردن. ئەگەرچی سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان لەم نیشتمانەدا بە حیزبی کراوە، بەڵام هەقە وەزارەتی رۆشنبیری رێگە نەدات کە لیژنەکان بە ئارەزوی خۆیانەوە ئەشهەدوبیلا بۆ ئەم و ئەو بکەن، دەنا ئاستی هونەری کوردی زۆر لەوە خراپتر دەبێ کە هەیە.

**شیلان سۆزدار**